# ڕەهەندی دەروونیی لەهـــــۆنراوەدا
# جەمال شارباژێڕی بە نموونە

**د. فاروق محەمەد ڕەزا ئەسعەد**
**زانکۆی هەڵەبجە**
**فاکەڵتی پەروەردە**
**بەشی کوردی شارەزوور**

## پێشەکی :

جەمال شارباژێڕی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە هەژاری و کوێرەوەری ژیاوە ، ئێش و ئازاری برسێتی و بێجێ و ڕێیی زۆر کاری تێکردووە و وەك خەمێکی گەورە بە شیعرەکانیەوە دیارە تەنانەت ئەو ژیانەی منداڵی لە ناوچەی شارباژێڕ وەك یادەوەرییەك و خۆشەویستییەك بۆ ناوچەکە بونەتە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمێکی نوێی شیعری .

بەهۆی پەروەردە بونی لە ناوچەی شارباژێڕ دیمەنی سروشتی ناوچەکە و جوانییەکەی هەستی خۆشەویستی بۆ خاك و ئاوی کوردستان هۆکارێك و پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ پەیوەندی کردنی بە ڕێکخراوی بزوتنەوەی سیاسی کوردییەوە ،لەم لایەنەوە ئەزموونی شیعرەکەی سەری هەڵداوە .

## ژیـــــــــانی :

جەمال شارباژێری ناوی (جەمال کوری ئەمین کوری عارف)ە (شارباژێری)یش وەك نازناوێکی شیعری و لە خۆشەویستی بۆ زێدی خۆی و باپیرانی ،لەپاڵ ناوی خۆیدا ،لە بلاّو کردنەوەی بەرهەم و کۆمەڵە شیعریەکانی دا بەکاری هێناوە.

جەمال لە ڕۆژی (١٦/١٠/١٩٤١)دا لە گوندی (واژە)ی سەر بە قەزای شارباژێری پارێزگای سلێمانی ،لە خێزانێکی هەژارو کەم دەرامەتدا هاتۆتە دنیاوە

ئەم بەرهەمانەشی بەچاپ گەیاندووە:

١- کسپەو سۆز ١٩٥٩
٢- بەستەی مەبەست بەشی یەکەم و دووەم ١٩٦١
٣- پارچەیەك لە جگەرم ١٩٦٨
٤- فرمێسکی نهێنی ١٩٦٨
٥- لە ئەلبوومی یادگارا ١٩٨٣

٦- ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێر ١٩٨٥

٧- ژوانگەی هەژان و ژان ١٩٩٨

کۆی ئەم بەرهەمانە لە دوو بەرگدا چاپکراون لەلایەن مەڵبەندی گشتی نووسەرانی کورد لە هەولێر ،تویژینەوەکە کەڵکی لە بەرهەمەکان و بەرگی دووەمی چاپکراولە کۆبەرهەمەکانی شاربائژێڕی وەرگرتووەلەبەر ئەوەی بێ هەڵە چاپکراون. .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

بەوپێیەی لێکۆڵینەکە قسەکردنە لەسەر ڕەهەندی دەروونی، بۆیە ڕێبازی دەرونیم هەڵبژاردووە، ئەم جۆرە ڕێبازەش پێویستی بە تێڕوانینێکی دەروونییە کە لەچەند سەرچاوەیەکی دەروونناسی هەڵبقوڵێ،کە لەدیدی زانایانی وەك فرۆید و بافلۆف بە پێوەر دانراوە.

## گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

- دەرخستنی ڕاو کاریگەریی لایەنی دەروونی شاعیر لەسەر دەق.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

١-دەرخستنی ئاکاری جوانی و پێگە و بەهێزی لایەنی دەروونی لەشیعرەکانی شاعیردا

٢- دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی شیعرەکانی شاعیر لە ڕووی دەروونییەوە.

## سنووری لێکۆڵینەوە

بریتییە لەپێشەکییەك‌و دوو بەش، بەشی یەکەم، سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم: چەمك‌و پێناسەی دەروونناسی‌و دەروونناسیی ئەدەب‌و شیعر، تەوەرەی دووەم: چەمك‌و پێناسەی دەروونناسی شیعر. تەوەرەی سێیەم: چەمك‌و پێناسەی دەروونناسی ئەدەبی و ئەدەبی دەروونی.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەش بریتیە لە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم: تێڕوانینی فرۆید بۆ بواری دەروونی و دەروونناسی ئەدەبی، تەوەری دووەم: تێڕوانینی مارکس بۆ بواری دەروونی و دەروونناسی ئەدەبی.

بەشی سێیەم: پێکهاتووە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم: خوێندنەوەیەکی دەروونییانیە بۆ کەسایەتی شارباژێڕی لەڕێی دەقەکانییەوە. تەوەری دووەم: خوێندنەوەیەکی دەروونییانەیە بۆ هەندێك دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕی. تەوەری سێیەم: بەکاربردنی چەمکە دەروونییەکانە.

## گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

لەبەر کەمیی سەرچاوەو نەبوونی تویژینەوەی زانستی لەسەر بەرهەمە دەروونییەکان کە بە پەنچەی دەست دەژمێررێن، پەنامان بردووەتە بەر وەرگێڕان لەسەرچاوە عەرەبییەکانەوە، کەڵکیشمان لەچەند سەرچاوەیەکی کوردی وەرگرتووە .

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: مانای رەهەندی دەروونی:

رەهەندی دەرونی بەرانبەر (البعد النفسی) عەرەبی هاتووە، زاراوەی (رەهەند) لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا بەمانای :خەندەك ،ئاوەرۆی ئاوی پیس ، رێگە بەژێر زەیدا هاتوە،بەلاّم رەهەندە بەمانای : عەودالّ، مالّ بەکۆلّەوە ،ئاوارەی چۆلگەر هاتووە (هەژار موکریانی، ١٣٨٤، ل٩٧)، دیارە ئەم دوو زاراوەیەش زۆر لەیەکترەوە نزیکن چ لەڕووی پێکهاتەوە چ لە ڕووی مەفهومەوە چونکە لەهەردوکیاندا دووری و قولّی و ماوەی پێوانەیی تیایە چونکە تونێلی ژێزەمین بوعد و عومقی هەیە وەك ئەوەی لەزاراوەی (رەهەند)بەدەر دەکەوێت وەك دەگوترێت (رەهەندەی شاران) واتە وێلّی شاران وێلّ بوونیش دورکەوتنەوەیە (رەهەند)یش بەمانای ڕێگەی ژێزەمین دێت رێگەی ژێرزەمینیش دورکەوتنەوەو نادیاری و بزری پێوە دیارە دواتریش بۆ لایەنی دەرونی بەکارهاتوە کەپڕاوپڕجێگای خۆی گرتۆتەوە چونکە لایەنی دەرونیش شتی شاراوەی ناوکی مرۆڤە زۆربەی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە تونێلی نەست خۆیان حەشار داوە هەرچەندە هەندێ توێژەر لایەنی دەرونی بەپەسەندتر دەزانن پێیان وایە رەهەند سەدا سەد لەگەلّ لایەنی دەرونیدا نایەتەوە بەلاّم من پێموایە زاراوەکە زۆر گونجاوەو بەرامبەر زاراوە عەرەبیەکە بێکەم و کوڕی ماناکە دەکەیەنێت، لەفەرهەنگی (شیرین)ی نوێی فازیل نیزامەدین دا واهاتووە (بعد)بەواتای دوری ،ماوە،میانە() لەم فەرهەنگەدا پەیوەست نەکراوە بەشتێکەوە بۆ ئەوەی زیاتر روونبێتەوە،تەنها ئەوە نەبێت کە بەکانای دووری ماوە هاتووە هەموو دوریەکیش بەرەو نادیاری تەم و مژی دەچێت ،واتە ئێچمە تاچەند فەرسەخێك چاوەکانمان بڕەکاو دەبێنێت لەدوای ئەوە دار و بەرد و کێوەکانمان لالێلّ وتەم و مژاوی دەبن بۆلایەنی دەروونیش هەروایە چونکە شتە دەرونیەکانیش ئەو جۆرە دوریەیان تێدایەو شتی شاراوەن وەك ئەوەی فرۆید و دەرونناسانی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەرونی مرۆڤ وەك چیایەکی بەستەلّکی نێودەریایە ئێمە تەنها دیوی دەرەوەی دەبینین نازانین ئەم چیابەفرینە چەندە بەقولاّیی دەریاکەدا شۆربوەتەوە لێرەشدا هەست بەتەم و مژی و تونێل و دوریەك دەکەین بۆ تێگەیشتن لەدەرونی مرۆڤ.

### تەوەری دووهەم: چەمك و پێناسەی دەروونناسی:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەمکی دەروونناسیو رەگو ریشەکەی دیاری بکەین، ئەوە دەروونناسی لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی، کە لەهەردوو وشەی (psyche) کەبەمانای گیان، یان دەروون بەکارهاتووە، یان زۆر جار وشەی (psychirios) بەمانای رۆحانی، یان دەروونی بەکارهاتووە لەگەلّ وشەی (logos) کە بەمانای زانست یان لێکۆلّینەوەیە، دواتر هەر لەزمانی یۆنانیدا بۆ زانستی دەروونناسی چەمکی (psychelogos) کە بەزمانی ئینگلیزی (psychology)و بە فەرەنسی (psychogie)، دواتر لەزمانی عەرەبیدا بە (علم النفس، یان السیکولۆجیا) گوزارشتی لێکراوە. لەهەموو ئەمانەدا تاکەمانایەك کە هاوبەشە ئەوەیە ، سایکۆلۆجی مانای (دەروونناسی)، یان زانستی دەروون دەگرێتەخۆی (پێشرەو عبدولا،٢٠١٣،ل٩)، بەلاّم کێشەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، چونکە دەلّێین دەروونناسی زانستێکە لە(دەروون) دەکۆلّێتەوە، ئێمە رووبەڕووی پرسیارو کێشەدەبینەوە، ئایا دەروون وەك بابەتێکی پەتیو نابەرجەستە، زانست چۆن دەتوانێت مامەلّەی لەتەکدا بکات؟ ئایا دەروون بەو ڕووتیو ئەبستراکتەی خۆیەوە چۆن ئێمە لێکۆلّینەوەی لەسەر بینا بکەین؟ هەر بۆیە لێرە مانای زانستی دەروونناسی گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیو ڕووی خۆی وەرگێرا لەوەی ڕاستەوخۆ مامەلّە لەگەلّ دەرووندا بکاتو

خۆی سوڕاند بۆ سەر هەلسوکەوتەکانی مرۆڤ، واتە لەڕێگەی دەرکەوتەکانی دەروونەوە زانستی دەروونناسی هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە، چونکە لەوەدڵنیا بوو مامەڵەکردن لەگەڵ خودی دەروون خۆی زۆر ئەستەمەو ناکرێت. بۆیە دەبێت لەشوێن لێدەرچوونەکانیدا بڕۆین هەتا لەڕێگەی ئاماژەکانییەوە، کەخۆی لەهەڵسوکەوتو ڕەفتارو گوتەو چالاکییەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە خۆی مانیفێست بکاتو وەك زانستێك خۆی دابڕێژێت.

زانستی دەروونناسی ئەو زانستەیە کە دەکۆڵێتەوە لەکردارو هەڵسوکەوتی کارەکانی مرۆڤ. لەژێر ئەو باوەڕەی، کە هەموو ئەمانە دەرکەوتەی دەروونن.(کەریم شەریف قەرەچەتانی، ١٩٩٦،ل١)بەومانایەی دەروون خاوەنی چالاکیو درەوشانەوەی جودایە کە لەزەمینەو کاتی جیاوازدا، دەست بەدەرکەوتن دەکاتو بەردەوام خاوەنی دەرکەوتەی جیاجیایە. زانستی دەروونناسیش لەڕێگەی ئەم دەرکەوتانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەروون. بەمانایەکی تر زۆر بەی کارو چالاکییەکانی مرۆڤ، کە لەواقیعدا لێی دەردەکەوێت هەر بەتەنیا هۆی واقعی نییە، بەڵکو هۆی دەروونیشی هەیە : (ئەم دەروونە وەك بنەماو بزوێنەری یەکەمی ئەوکارە ، پاڵەپەستۆدەخاتە سەر مرۆڤ بۆ دەرکەوتن. ئێمە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ خودی دەرووندا بکەین. ئەو پاڵنەرە دەروونییانەی کە پاڵ بە ئادەمیزادەوە دەنێن بۆ بەرهەم هێنانی هونەری بەگشتیو ئەدەبی بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆئەو ئارەزووە شاراوانە لەگەڵ هەوەسە دەروونییە بەند کراوەکان کەکاریگەریی لەسەر ژیانی ئاگایی هەیە کاریگەرییەك کە ئادەمیزاد هەستی پێناکات هەروەكو فرۆید بۆی دەچێت، چونکە عەقڵی ناوەوە دانەمرکاوەتەوەو لەکار نە کەوتووە بەڵکو بە ئاگایەو ئەکتیڤە، کاردەکاتە سەر ژیانی عەقڵی ئادەمیزاد بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات ) (کامل محمد محمد عویچە، ١٩٦٩، ل ٥-٦)بەومانایەی ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ هەست بەدەروون بکەین، بەڵکو هەست بەپاشماوەو دەرکەوتەکانی دەکەین لەڕەفتارماندا. پاڵپشت بەمە زانستی دەروونناسی لەدەروون ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لەدەرکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە.( کامل محمد محمد عویچە، ١٩٦٩، ل ٥-٦)

### تەوەری سێیەم : چەمكو پێناسەی دەروونناسی شیعر

ئەگەر زمان دەریچەیەکی تایبەت بێت بۆ دەربڕینی دەروون . ئەوە ناتوانین شیعر بکەینە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە چونکە شیعر هەموو چالاکییەکانی خۆی لەزماندا بەرجەستە دەکات. ئەوە بەم پێودەنگە شیعریش وەك بونەوەرێکی زمانی ، خۆی بەهرەمەند دەکات لەهەموو ڕەگەزەکانی دەروون، بەڵکو زیاتریش لەمە جۆریك لەشیعر هەیە کوتو مت دەربڕی باری دەروونی مرۆڤەو دەتوانین لەڕێگەی ئەو شیعرەوە هەنگاو هەڵ نێینو لەباری دەروونی شاعیر بکۆڵینەوەو شارەزای خەیاڵو بارە دەروونییەکانی بین .خۆ گەر بنۆڕینە کارەکانی فرۆید، ئەوە زۆر بەئاسانی ئەم ڕەوتە لەلێکۆڵینەوەکانیدا دەدۆزینەوە کە فرۆید بەدوو ئاراستە کاری کردووە، یەکێکیان لەژیانی نوسەرەکەوە ڕۆشتووەتە سەر دەقە ئەدەبیەکان بۆ دۆزینەوەی ژیانە خودی و تاکە کەسییەکانی نوسەر لەناو پاڵەوانو کارەکتەرو نوسینەکانیدا بەگشتی. دووەمیان لەدەقی نوسینەکانەوە دەرچوونی هەبووە بۆناو ژیانی نوسەرەکان، هەردوو ڕێگاکەشی بەمەبەستی دۆزینەوەی باری دەروونیو کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر دەروون بەگشتی، مامۆستای دەروونشیکاری نوێ فرۆید دانی بەوەدا ناوە کە ئەدەب کاریگەری زۆر هەبووە لەسەر بیرکردنەوەکانی . فرۆید لەهەفتاهەمین ساڵی لەدایك بوونیدا ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو داهێنەری چەمکی (نەست)بێتو وتی (شاعیرەکانو فەیلە سوفەکان پێش من نەستیان دۆزیوەتەوە ئەوەی من دۆزیومەتەوە ڕێبازێکی زانستیە بۆ لێکۆڵینەوە لەهەست.(هاوژین صلێوە،٢٠١٥،ل١٦) واتا فرۆید باش ئاگادارە لەدەرکەوتنی

دەروونی لەکاری هونەری دەقەکاندا لەدێر زەمانەوە چونکە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ دەروونیش دەستی بە دەرکەوتنەکانی خۆی کردووە لەکایە جیاجیاکانی ژیاندا .

شیعریش وەك کایەیەك بەدەر نییە لەم ڕێسایە . دیارە کاتێك شیعردەروناسیانە دەردەکەوێت خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك کاری جیاوازدا دەبینێتەوە، کەنوسەران‌و ڕەخنەگران هەریەکەیان بەشێوازێك ئەم ئەرکەیان باس کردووە . واتا شیعر کاتێك پەیوەندی خۆی بەدەروونەوە دروست دەکات لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرکدا خۆی دەبینێتەوەکە بە پێی بارە دەروونی‌و واقعییەکان جیاوازی لەخۆی دەگرێت واتا مەرج نییە یەك ئەرك هەبێت شیعر ئەنجامی بدات کاتێك دەروونناسییانە دەست بەدەرکەوتن دەکات . حاڵەتی تووڕەیی شاعیر شیعرێکی حەماسی بەرگری دێنێتەوە ئاراوە، ئەم ئەرکە لێرەدا زۆر جیاوازە لەحاڵەتی بوونی سۆز لەدەروونی شاعیردا ، کە پێ دەچێت شیعرەکە پڕبێت لەبەخشین‌و ئاشتکردنەوەی شتەکان . هەر لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییە ڕای جیاوازیش هاتووەتە ئاراوە لەنێوان ڕەخنەگران‌و بیرمەندانَدا .

پەیوەندیی هەڵچوونە شیعری‌و جوانناسیەکەدا چیە بەهەڵچوونەکانی ژیانی واقعی‌و ئاسایی؟ ئەم پرسیارە گرانە لەدێرزەمانەوە لەگفتوگۆی ڕەخنە گراندابوونی هەیە لە(پاك بوونەوە)ی ئەرستۆ هەتا (سەرسوڕمان)ی لونیجنوس، هەتا حاڵەتی ڕێگە پێدان‌و هاوکاری کردن لەزانستی دەروونی ریتشاردز، هەتا حاڵەتی ئەو پاڵەوانانەی کە هەڵگری چەپێنراوە جیاوازەکانن لای فرۆید.(ولیام .ك.یتمراپ بروکس، ١٩٦٧،ص ٢٥١-٢٥٢)بەڵام فرۆید لەپاڵ ئەم کارەیدا هەنێك جار کۆمەڵێك ئەرکی دیکەی بەسەر شیعردا داباراندووە کا تا ڕادەیەکیش پێکاویەتی، واتا بەپێی حاڵەتە دەروونییەکان‌و واقیعە جیاوازەکان ئەرك‌و ماناو بەهاکانی شیعریش بەپێی ئەم میتۆدە گۆڕانیان بە خۆیانەوە دیوە . هەربۆیە لای فرۆید زۆرجار ڕووبەڕووی ڕای جیاواز دەبینەوە لەسەر شیعرو هونەر بە گشتی .

داهێنانی شیعر وەك داهێنانی (نوکتە)وەهایە کە پشت بە نەست دەبەستێت، شیعرو نوکتە جۆرێك لەوزە دەبەخشێت بە مانایەك لەماناکان . زۆربەی تەکنیکەکانی شیعر وەك تەکنیکی گاڵتەو خەونن ،کە دەبێت خۆی پێوەند بکات بە جۆرێك لەراهاتنەوە فرۆید دەڵێت: کێش‌و ڕەگەزو درك کردن‌و شێوازەکانی تری دووبارە کردنەوەی دەنگ‌و وشە لەیەکچووەکان لەشیعردا چێژ دەبەخشن.(ولیام.ك.یتمراپ بروکس،ت،د.حسام الخطیب، ١٩٦٧،ص ٢٦٠)وێکچواندنی شیعرو نوکتەو خەون‌و بەستنەوەیان بە نەستەوە هەروا بێ بنەماو لەخۆوە نییە لەهەرسێ بابەتەکەدا جگە لەئامادەی دەروون بەگشتی .کۆمەڵێك ڕەگەزی دیکەش هەن بەشداری دەکەن لەم داهێنانەدا، وەك ڕەمزو خەیاڵ، کە شیعرو نوکتە هەردووکیان دوو دنیای ڕەمزئامێزن.لەشیعردا لەنێوان داڵ‌و مەدلوولدا بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندیی ئاشنایەتی هەیە وەك کۆتری سپی‌و ئاشتی، شێرو ئازایەتی .بەڵام لەنوکتەدا داڵ‌و مەدلوول دەبێت پێچەوانەی یەکتر بن وەك دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی منداڵان لەپیاوێکی خانەدان‌و خاوەن پلەو پایەدا. واتا هەتا چەند داڵ‌و مەدلوول دووربن لەیەکترەوە داهێنانەکە زیاتر خۆی دەسەپێنێ هەر بۆیە تا ڕادەیەك پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەم بابەتە لەیەك جیاوازانەدا، هەرچی شیعرو خەونیشە ئەوە دواتر بەفراوانی باسی دەکەن .ئەوەی لەم نێوەندەدا جێگەی بایەخە، بەخشینی جۆرێکە لەچێژ، چ چێژێ شاعیر بۆخۆی بێت یان بۆ خوێنەر (وەرگر)بێت جیاوازی نییە، گرنگ بەخشینی چێژە، ئەم چێژەش چێژێکی بایەلۆژی نییە، بەڵکو چێژێکی دەروونییە. ڕاستە، شیعر وەك هەبوویەك مادەیەو لەنوسیندا خۆی بەیان دەکات بەڵام وەك خواردن‌و خواردنەوە نییە هەتا چێژی بایەلۆژی ببەخشێت بەمرۆڤ.بەڵکو زیاتر شیعر

پەیوەندیی هەیە بەهەستەوە، ئەم هەستەش هەستێکی دەروونییەو پەیوەندیی خۆی زیاتر بەدەروون‌و ڕۆحەوە گرێدەدات. بۆیە ئەرستۆ بەمایەی پاکبوونەوەی دەروونی دەزانی لەهەموو خەیاڵە ئاڵۆزو خراپەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی تراژیدیا کە دەبێت ترس و بەزەیی ببزوێنێ لەمرۆڤدا هەتابێتە هۆی پاکبوونەوەو بەخۆدا چوونەوە.هەروەکو بینیمان تراژیدی هەرە تەواو ئەوەیە چنینەکەی داڕێژراوبێت نەك سادەو دەبێت لاسایی کردەوەی وابکاتەوە کە ترس‌و بەزەیی بوروژێنێ، چونکە ئەرکی تایبەتی ئەم جۆرە تراژیدیە لەمەدایە.(ئەرستۆ،و .عەزیز گەردی،٢٠١٤،ل٤٧)

بەستنەوەی شیعر بەهەست‌و سۆزو دەروونەوە، زۆر جار ئەم پەیوەندییە گشتگیر دەکات بەسەر تەواوی شیعرو ئەدەبدا، بەڵام ئێمە ئەوەناکەینە رایەکی رەهاو وەستاو، نەخێر شیعر هەمیشە هەوڵی خۆ دەربازکردنی هەیە تەنانەت لەخودی خۆشی، واتا شیعر یاخییەو هەمیشە شۆڕش دژی خۆی بەرپادەکات .بەم حاڵەوە وا دەکات کە ساتەکان‌و زەمان‌و سەدەکان تێپەڕێنێت‌و کۆبەکۆ بڕوات بێ راوەستان‌و ماندوو بوون ، بەلأم بۆ کاری لێکۆڵینەوە لەشیعر رووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ ڕایە کۆنکرێتی‌و گشتگیرەکان. مانای ئەدەب وا لێك دەدەنەوە کە شیکردنەوەی ژیان ودۆزینەوەی مانایە .ئەم دەرهێنان ودۆزینەوەیەش گەڕانەوەیە بۆ هێزی سۆز(عاتیفە)لە مرۆڤدا.(احمد امین،١٩٦٧،ص٤٠ )

ئەم ڕایە ئەگەر چی لاوازە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ماناو سۆز، بەڵام جۆرێك لەشیعرو لەئەدەب هەن خاڵی نین لەسۆزو خاڵی نین لەوەی بەسۆزو مرۆڤ شتەکان پێوانە بکات‌و بەکیشانەی سۆز شتەکان لێك بداتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەشیعردا سەروکاری لەگەڵ سۆزی مرۆڤدا هەیە . کە سۆزیش بۆ خۆی بەشێکی چالاکە لەدەروونی مرۆڤدا . واتە دەروون بەڕێگاو بە شێوازی جیاجیاو هەرجارەو لەرێگەی پێکهاتەو رەگەزێکەوە خۆی داوێتە ناو شیعرەوە بەپێی ئەم میتۆدە شیعرو هونەر بەگشتی رەنگ دانەوەی دەروونن وادەکەن دەروون بدرەوشێتەوە لەمەشخەڵەکانی خۆیاندا هەمیشەو دەموسات دەروون بنوسنەوە بە شێوازو رێگەی جیاجیا ئەم هەستە دەربڕن‌و ڕوونی بکەنەوە.

### تەوەری چوارەم : پەیوەندی نێوان دەروونناسی و شیعر :

ئەدەب بەر لە هەموو شتێك شتێکی دەروونییە ،مرۆڤ سودو چێژ لە بابەتە ئەدەبیەکان وەردەگرێت لەبەر ئەوەی کەتوارییەتی تیا دەبینێتەوە ، ئەدەب هەڵگری هەست و نەست و سۆزو خەیاڵە ، ئەمانەش لەبوونی خۆیاندا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان نوسەری دەق و خوێنەری دەقدا دروست دەکەن .(ئەدەب ئاوێنەی عەقڵ و دەروونی نوسەرە ،یاخود وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردن لە دەروون .(محمد غنیمی هلال، ١٩٧١،ص١٩) گوزارشت کردنیش لە هەر شتێك لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر دەگۆڕێت ،گۆشە نیگای ڕوانینی هەر ئەدیبێك جیاوازە لە هی ئەدیبێکی تر ،هەرچەندە (شاعیر بەر لەوەی هەرشتێك بێت ،مرۆڤە،پێویستیە دەروونییەکان وجەستەییەکانی لە هاوشێوەکانی لای شاعیرانی دیکە جیا ناکرێتەوە لە بارو دۆخی ئاساییداو پێچەوانەشیان نین بەڵام هەڵبەتە ئاستی هەستکردنی بەرامبەر بە هەریەك لەو پێویستییانە جیاوازە و دەشێ هەستیاریش بێ ، دەرئەنجامەکەش دەگەیەنێتە پلەی داهێنان و نەمری ، دیاردەیەك یاخود دیمەنێك بەلای ئەدیبێکەوە کاریگەرە بەلای ئەدیبێکی ترەوە ئەو کاریگەرییەی نییە ،یاخود کەمترە لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە هەندێك شتدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە وەك چۆن پەنجە مۆری هیچ مرۆڤێك لە جیهاندا نییە وەك هی مرۆڤێکی تربێت هەر بەو پێیەش جۆری تێڕوانینی تاکەکان لێکتر جیاوازن.

کەواتە ئەزموونی دەق ،بەپێی سایکۆلۆژیای نووسەرەکان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر یان لە نووسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیاوازییەکان دروست دەکەن،جگە لەوەش لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر لە نێو خودی کەسەکانیش دیاردەو شتەکان لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاوازتر وەردەگرن، گەر دەق ڕێگەیەك بێت بۆ دەربڕین ئەوا سایکۆلۆژیای نووسەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ نزیکخستنەوەی پەیوەندی دەق و خوێنەر، بێگومان سێ کوچکەیەك یاخود سێ گۆشەیەك هەیە کە هەمیشە یەکتر تەواو دەکەن ئەوانیش (نووسەر ،دەق ، خوێنەر )ن. واتا ئەو بابەتەی نوسەرێك یا ئەدیبێك دەینوسێ و لە دوو توێی تێکستك ئارام دەگرێت کاتێك خوێنەریش دەیخوێنێتەوە لەڕێی ئەوەی کە خۆی تیادەبینێتەوە یاخود موعاناتی ئەدیبەکە بەشێکیشە لەموعاناتی خوێنەر بەڵام بۆ هەموو کەسێکیش بە ڕەهایی نییە واتە خۆی لەنێو ئاوێنەی دەقەکە دەبینێتەوە نوسەریش سایکۆلۆژیانە دەقەکەی دابڕێژێت ئەوا خوێنەریش لەبەردەم ئاوێنەی دەقەکەدا بەڕوونتر خۆی دەدۆزێتەوە.

(ئەدەب و هونەر وەك سەرچاوەیەك لە قوڵایی دەرونەوە هەڵدەقوڵێن وەك هێزێکی کاریگەرن و دەرون هێور دەکەنەوە ئەوەی نوسەرو ئەدیبان دەیخەنەڕوو سیحر و فانتازیایەکی ژیانەو موچڕکێك بەلەشی خوێنەر و بینەران دا دێنێت لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات بۆ دەرخستنی راستییەکانی ژیان باڵ بەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشێت، کاتێك ئەدیبێك بیرۆکەیەکی بۆ دێت یاخود هەست بە پەستی و جۆرێك لە تلانەوە و ئازار دەکات حەز دەکات بینوسێتەوە کاتێك بیرۆکەکانی لە دوو توێی شیعرێك یان هەر ژانریکی تر دارشت ئەوا لەڕووی دەروونییەوە هەست بە ئارامییەك دەکات وەك چۆن کەسێك خەم و ئازارێکی هەبێت و حەزدەکات بۆ کەسێکی تری بگێڕێتەوە ، خۆ زۆر جار دەزانێت بۆ ئەو کەسەی کەدەیگێڕێتەوە چارەسەری دەردە دڵی ئەو ناکات ،بەڵام هەست بە خۆبەتاڵکردنەوەیەك دەکات هەست دەکات ئەوەی پێویست بووە گوتوویەتی تەنانەت زۆر جار مرۆڤ لەگەڵ خۆشیدا قسە دەکات وەك ئەوەی ئەو مرۆڤە دوو کەسە لەیەك جەستەداو کەسێکیان قسە کەرە و ئەوی تر گوێگرە.

فرۆید یەکێك بوو لەو پێشەنگانەی لە ڕێی لێکۆلینەوەکانیدا سەبارەت بەشاعیران و رۆمان نوسان کردی گەیشتە ئەنجامێك و ئەوانی کردە بەڵگەیەك بۆ توێژینەوەکانی، هەڵبەتە (لەوانەیە ئاسان نەبێت ئەدەبێك پێك بێت بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێك نەبێت لە دەروونی خاوەنەکەی یان بەلایەنی کەمەوە بەشێك نەبێت لە هەستی ئەدیب بەرامبەر ئەو شتانەی لە دەوروبەریدا هەن.(عادل گەرمیانی،٢٠٠٦،ل٣٦)ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەمووشتێك بەرهەمی دەروونێکی مرۆییە ،نەزعەو ئارەزوو هۆشیاری و ناهۆشیاری و ڕێگەی بیرکردنەوە و شێوازی چارەسەرکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، بێگومان شوێنی لەدایك بوون مناڵی گەورەبوونی و هەموو ئەو ڕووداوانەی کەبینیویەتی دەبن بە بەشێك لە بیرەوەری و بابەتەگەلێك کە ناوە ناوە دێنەوە یاد و لە دوو توێی نووسینەکان رەنگ دەدەنەوە زۆر جاریش ئەم بابەتانە لە نەست دەمێننەوە و بەبێ ئاگایی جارێکی تر دینەوە ناو بوارەکانی نووسین.

پەیوەندیی نێوان نوسەرو نوسین چەند گەیاندنی بابەتە جیهانی دەرەوەی نوسەرە، ئەوەندەش میکانیزمێکی بەیەکدا چووی سایکۆلۆژیە ، سروشتی ئەم پەیوەندییەش بەپێی سروشتی کایە ئەبستمۆلۆژییەکان گۆڕانی بەسەردا دێ، تەنانەت لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر و لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر و تەنانەت لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.(شیعر ڕەنگدانەوەی هزر و خەیاڵ و ژینگەو ڕووداوەکانە ،کردنەوەی دەرگایەکە تەواوی دیاردەکانی بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە،دواجاریش توانای زمانەوانی لای نوسەر

دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەی فرە سەودا ببەخشێتە شتەکان،زمانیش بارگاویە بەخەیاڵ.(عادل گەرمیانی،٢٠٠٦،ل٣٦)چونکە شاعیر ڕووداوەکانی دەورو بەری خۆی هەروا بەسانایی وەرناگرێ،بەڵکو خەیاڵاوی دەکات و جارێکی تر لەبەرگێك و قۆناغێکی تر پێشکەشی دەکات .(کێبڵ) لەبارەی شیعرەوە دەڵێت دەربڕینێکی ناراستەوخۆیە لەهەندێ سۆزی زۆر بەهێزدا ،یاهەستکردنەیا چاوپۆشی کردنێکی راستەوخۆ لە هەرشوێنێکدا کە کپ کرابێتەوە ،گەر دەق ڕێگەیەك بێت بۆ دەر بڕین ئەوا سایکۆلۆژیایی نوسەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ نزیك خستنەوەی پەیوەندی دەق و خوێنەر ، بێگومان لە نێو دەقەکانیشدا خودی نووسەر دەبینرێت مەرام و بۆچوونەکانی دەدۆزێتەوە . (هەرساتێکی نووسین لای نوسەر بریتیە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی و لە ساتەوەختەکانی نووسیندا نووسەر لە ژێر کاریگەریی بارێکی دەروونی نائاساییی دایەو ئاستی توانای هیزری و لەو لاشەوە ئاستی توانا زمانییەکانی پێوەری وەرگێڕ انی ئەو بارە دەروونییەن بۆ شێوازە جیاجیاکانی دەق.(مستەفا پەژار،١٩٨٥،ل٩)نووسەر کاتێك خۆی دەدوێنێ کاتێ خۆی دەنوسێتەوە تەواو شۆڕ دەبێتەوە ناخی خۆی بە ئەندازەیەك ئاگای لە دەورو بەر نامێنێت بەرەو جیهانە خەیاڵاوییەکەی خۆی هەنگاو دەهاوێ و دەروون و ناخی خۆی دەدوێنێ.

کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە زانستی دەروونی بەدوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەریی لەسەر ئەدەب هەیە، یان بە پێچەوانەوە ، یاخوود کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات ، ئەدەبیش دەروون دروست دەکات . ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن کاتەوە. دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بێنێتە ئاراوە ،هەموو نوسینێکیش بیرکردنەوەی دەوێت بۆ داڕشتن و گەیاندنی ئاکامی کارەکان ،بەڵام شیعر کارکردن نییە لەسەر لۆجیك بە تەنیا ، بەڵکو لۆجیك سەرلەنوێ هەڵدەوەشێنێتەوەو مەدلولی تری بۆ دروست دەکات .

ئەدەب و دەروونناسی یەك ڕێڕەویان هەیە یاخوود بڵێین هاو گەشتن لە باسکردنی هەر بنەمایەك لە بنەماکانی ئەدەب نووسەر ،کاری ئەدەبی ،خوێنەر بەپێی پێویست بەرەو باسکردنی حاڵەتی دەروونی و لایەنی ویژدانی داهێنەرو خوێنەر دەبات ، هەموو شاعیرێك هەوڵ دەدات لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە دەروونی خوێنەرانی داگیر بکات بابەتی کاریگەر بنووسێت بۆیە دەبینین هەر لە کۆنەوە کاتێك (شاعیرێك شیعری دەخوێندەوە خەڵکەکە وایان هەست دەکرد  کە هێزێکی ڕۆحیی سەیر لە ناخی شاعیرەکەدا هەیە ناویان لێ نا شەیتان.(شنۆ احمد عزیز،٢٠١١، ل١٢) ئەم شەیتانە پەیوەندیی بەو کەسایەتییەوەهەیەو لەلای عەرەبەکانیش هەر لە کۆنەوە بیرۆکەی ئەوەیان لا هەبووە هەر شاعیرە شەیتانێکی هەیەو سروشی بۆ دێنێ ، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لای عەرەبەکان هەبووە بێگومان لای یۆنانییە کۆنەکانیش بیرۆکەی خوداوەندی شیعر هەبووە چونکە مرۆڤەکان پێیان سەیربووە لەو وشەو وتانەی کە دەیزانن شاعیران بتوانن بە توانای خۆیان شتی وا بنووسن ، بیرەکەیشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ چی هەموو مرۆڤێك شاعیر نییە ئەم لایەنی سایکۆیانەی نێو دەقەکان بەشێوەی سیحرو پەرجویەك دەهاتە پێش چاوو لەسەرووی خۆیانەوە ئاراستەیان دەکرێت.

(رۆلان) دەڵێت : (دەروونناسی و ئەدەب  هەمان خاسیەتیان هەیە لە خەیاڵ و بیرۆکە و سۆز وهەستدا ....(ئەریك فرۆم، و. هەژار جوانڕۆیی، ٢٠٠٥،ل )هەروەها هۆراس دەڵێت: (ئەگەر ویستت فرمێسکم پێ بڕێژی دەبێت لەپێشدا خۆت هەست بە تەزینی ئازار بکەی  تەنها ئەو کاتەش چەرمەسەریەکانت خەمبارم

ئەکەن.(ابرامز،و،عوسمان احمد،٢٠٠٩،ل٢٧) بێگومان لاوازترین شیعریش پەیوەندی بەلایەنی دەرونیەوە هەیە چونکە شیعر کۆمەڵێك بازنەی بەدەورەی خۆی دا کردوەو لەگەڵ زۆرر بابەتدا هاوبەشە لەوانە دەروونناسییە، بەڵام ئەم هاو بەشییەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە ئێمە زیاتر مەرامامان ئەو دەقانەیە کە زیاتر چوونەتە ناو بواری دەروونناسییەوە وەك دوو بازنە کەئاستێکی زۆر یەکتریان بڕیوەو ئاوێتەی یەکتربوون هەموو ژانرە ئەدەبییەکان پەیوەندییان بەلایەنی دەرونییەوە هەیە بەڵام پەیوەندی شیعر بەلایەنی دەروونییەوە بەهێزە.

## تەوەری پێنجەم : تێڕوانینی فەیلەسوفانی بواری دەروونی بۆ چەمکی دەروونناسی ئەدەبی:

فرۆید ١٨٥٦ -١٩٣٩ پێی وایە سێ کەس سەرچاوەی داهێنانو شارستانییەتن بە پێچەوانەی غەزالیەوە کە ژن بە وروژێنەرو پیاو بە وروژاو لەقەڵەم دەدات فرۆید پیاو بە بکەرو ژن بە بەرکار نێو زەند دەکات.

دەروونشیکاری شێوازەکانی دروستبونی کۆمەڵگە لەرێگەی ئەندێشەو ئایدۆلۆژیەکانەوە بە ئێمە نیشان دەدات، ئەم زانستە دەتوانێت نیشانی بدات کەچۆنایەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەندێشەیەك لەبنەڕەتدا گرێدراوی ناوەڕۆکی ناوشیاری ئەوە، کە گرێدراوی هەندێك پاڵنەرە.(راجح احمد عزت،١٩٦٨،ص٩٤)

شیعر لەسەر هەستی شاعیر بەدەورووبەرەوە رادەوەستێ کە ئاڕاستەی دەروون‌و گەردوونی دەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنی هونەری‌و شاراوەیی هەردووکیان ئەمەش وەڵامی ئەوهەستەی شاعیرە لەزماندا، کەزمانێکی وێنەییە.(احمد رەزا،٢٠٠٨،ل٧٤)

واتا شیعر لەم بارەدا خۆی بینا دەکات لەسەر ئەو پەیوەندییانەی شاعیر هەیەتی بەدەورو بەرەکەیەوە، کەلەئەنجامدا کاروکاردانەوە دروست دەبێت‌و بەمەش شاعیر مۆڵ دەخوات لەسەر هەستەکانی خۆی، یان ئەوەتا شتەکان وەك خۆیان هەست پێ دەکات، یان وەك ئەوەی خۆی وێنای دەکات بەهەردوو بارەکەدا جۆرێك لەهەستکردنی تێکەڵ هەیە، کەنەخۆی ساغ دەکاتەوە لەسەر داڕشتنەوەی شتەکان وەك خۆیان کە ئەمەش بە هەستەکانی وەك (بینین، بۆنکردن، تام کردن....هتد) ڕادەوەستێ ، نەخۆشی رادەگرێت لەسەر ئەوەی شتەکان وەك خۆی وێنا بکات کەلێرەدا (خەیاڵ) کارەکان ڕایی دەکات. بەڵکو لەم جۆرە هەستکردنەدا (خەیاڵ‌و هەستەکان) تێکەڵ بەیەکتر دەبن‌و یەك بۆیەك دەبێتە کارگوزاری دروستکردنی وێنەو پاژە شیعرییەکان .واتە هەستەکە کۆلاژێکە لەنێوان خەیاڵ و هەستە جەستەییەکانی مرۆڤدا، بەڵام دەکرێت ئەم دوو ڕەگەزە بەیەکتر دابڕێت‌و هەریەکەیان بۆخۆیان بەتەنیا ببێتە چاوەی شیعرو ئەوەی هەستیە واقع نیشانی ئێمە بداتەوە وەك خۆی، ئەوەشی خەیاڵیە لەناو فەنتازیاو ناواقیعەتدا درێژە بە کۆمەکی خۆی بدات بۆ لەدایك بوونی شیعر، بەڵام شیعرییەتی شیعر هەمیشە لایەنگری خۆی بۆتێکەڵکردنی ڕەگەزەکان‌و نزیککردنەوەی شتەکان لەیەکتر دووپات دەکاتەوە . واتا شیعر خوانە، بەڵام خوانی یەك شت‌و یەك ڕەگەز نییە، بەڵکو خوانی هەموو ئەو شتانەیە کەدەدەکەونە سنووری هەستکردنی شاعیرەوە بۆ شتەکانە، واتە شیعر هەر شتەکان ئاشت ناکاتەوە بەڵکو ئەوە پەیوەندییە ژێرەوانکێیەی نێوان ڕەگەزەکانی نێوان مرۆڤیش وەك (خەیاڵ، یادەوەری، هەست...هتد) دەدۆزێتەوەو هاڕمۆنییەتی ئەو ڕەگەزانە وەك ئاوازێك بۆ کۆبوونەوەیان دەژەنێت بەمەش شیعر بانگێشتی شتەکانە، بەڵام نەك بۆ بەگژداچوونەوەو سڕینەوەیان، بەڵکو بۆ درەوشانەوەو بەهێز کردنیان.

سەرنجو بایەخ دانی مارکس بە دەروونناسی چەندین هۆکاری هەیە، یەکەم ئەوەی کە مارکس قەد شێوازێکی سیستماتیکی بە تیۆرییە دەروونناسەکانی خۆی نەداوە، بۆچوونەکانی بە شێوەیەکی پەرش‌و بڵاو لەنوسینە جۆراوجۆرەکانیدا هاتووە کە پێویستە لەشوێنێکدا کۆ بکرێتەوە تا چیەتییەکی سیستماتیك بگرنە خۆ. پاڵنەر لای مارکس فازانجی ئابورییە .

ڕەخنە گری ئەمریکی(پۆل دیمان) دەڵێت: (ئەدەب بەگشتی بابەتی سەرەکی فەلسەفەیەو بەشێکە لەو هەقیقەتانەی فەلسەفە بە دوایاندا وێڵە(عادل فریحات،١٩٧٩،ص١١٢) میخائیل نعیمە دەڵێت:( کاری ئەدەب گوزارشتە لەمرۆڤو سەرپاکی پێداویستی‌و ئەو حاڵەتانەی بەسەریدا دێن بەشێوەیەکی جوان، تاڕاستگۆیانە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ تێگەیشتن لەخۆی‌و تێگەیشتن لەئامانجی دروست بوون ، یان هیچ نەبێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجانە.(محمد غنیمی هلال،١٩٧١،ص١٩)

**بەشی دووەم: لایەنی دەروونی لەهۆنراوەکانی جەمال شارباژێڕی داو خوێندنەوەیەکی دەروونییانە بۆ هەندێك تێکستی ئەم شاعیرە.**

**تەوەری یەکەم : خوێندنەوەیەکی دەروونییانە بۆ کەسایەتی شارباژێڕی لەڕێی دەقەکانییەوە.**

ڕەهەندی دەروونی لەشیعردا هەمەجۆرە وەك: کێشەکانی غەم‌و دڵەڕاوکێ‌و بێ ئومێدی‌و نوشوستی‌و غەمناکی‌و خۆشی‌و شادی ، ئالۆزی یان پەرە سەندنی هەرکێشەیەك لەو کێشەدەروونییانە لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دا دەبێتە بابەتێکی دەروونی باش بۆ شاعیر وەك کەرەستە لەهۆنراوەیەکدا بەکاری دەهێنێت (ئەرکی شاعیر شارباژێڕی وەك ڕەهەندی دەروونی لەئاستی کێشەدەروونییەکان بریتیە لەسەرلەنوێ بەشەیوەیەکی هونەری داڕشتنەوەی شیعر لەبەکارهێنانی جۆرە ئەندێشەیەکی هونەری بەجۆرە زمانێك کەبتوانێت هاوسەنگییەك لەنێوان هەردوو مۆرکی ئەدەبی‌و زانستی شیعری دەروونی دروست بکات دەروون شیکاری لەبنەمادا ئەوە بەهەند وەر دەگرێت، کە کارەکانی هەموو مرۆڤایەتی کاریگەرە بەهێزی نەست.(عەتا قەرەداخی،١٩٩٩،ل ١٣٢)

سروشتی پرسیار لە دەقە شیعرییەکانیدا خەسڵەتی پرسیاری نییە، ئەویش لەبەر ئەوەنییە کە مەعشوقەکەی بەزێنرابێ و بەرز کرابێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە شارباژێڕی دروستکردنی جۆرێ لەقەناعەت‌و پرسیار لەشرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی ئەم دەقە لەیەك دەئاڵێنێت . کەواتە ئەم جۆرە شیعرەی شاعیر بیانو گرتنە بە دوای وەڵامی ژیانی قۆناغێ لەئەڤینداری دەگەڕێت ، دیسان پرسیارو وەڵام دەلالەتی بوونی پەیوەندی دواڕۆژ دەردەخات کەڕەنگە ئازارو ئەشکەنجەی زۆری لەژیانیدا سەراسیمە کردبێت ! .(چ ڕەنج،٢٠٠٧،ل١٠٧)

لەسروشدا سوڕی بەردەوام شێوازی سیستەمی بازنەی لەخۆ دەگرێت لەسەر بناغەی گەڕانەوە (بۆ ئەفسانەی دروستبوونی یەکەم مرۆڤ) ئەویش کە (ئادەمە) لەخاك دەست پێ دەکات‌و پاشان بە مردن دەگەڕێتەوە بۆ خاك دەتوانین ئەمە نیشان بدەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

پێگەیشتن لاوێتی خاك پیری

لەدایك بوون مردن

(عەتا قەرەداخی،١٩٩٩،ل١٣٢)

عەشق لای شارباژێری وەك هەموو شاعیرانی تر سەرچاوەی ئیلهام وژیانە، هەموو شتەکان لەوێوە دەست پێدەکەن ئەنجا عەشق پاکانە بۆ بوون متمانە بۆ دەروون دەگێڕێتەوە ... بەمانا گشتییەکە نووسەر ، شاعیر، رەخنەگر ، رۆمانووس ، بۆ ئەوەی تەمەنی عەقڵی درێژبێت دەبێت عاشق بێت.

(ئێرك فرۆم)یش دەربارەی عیشق دەڵێت: (عیشق هونەرەو چەشنی هونەریش خۆ پەروەردەکردن...پتر راهێنانی دەوێت ..بۆیە شاعیر هونەرمەندی تیابژی...بۆ ئەوەی هارمۆنییەتی داهێنانو ستایلی جوانی تیابژیو بەرەو نەمری پەیامی بێت.(ئەریك فرۆم،٢٠٠٥،ل٤٣)

شاعیر نەزەندی بەگیخانی دەڵێت:

لەعەشق دا

لەش دەبێتە گەڵا

سەریش کەمانچەیەکی ئەفسوناوی(چ رەنج،٢٠٠٧،ل١١١)

بۆیە جەمال شارباژێڕی بەکۆمەڵێك چاوەڕوانیو ئومێدی زۆرەوە دەچێتە ناو دۆخی عاشق بوون، ئاستە دەروونییەکە شپرزەییەکی کارا بەخۆوە دەبینێت، هەندێ جاریش "لەخۆ چوون" لەبەرهەمەکانیدا دەبینێت، بۆیە نزیکە لەوتەیەکی سوقرات کە دەڵێت "عەشق و عاشق بوون بە غیاب یان توانەوە لەکەسی خۆشەویستدا دەبێت."

شیعر حەقیقەتی جەمال شارباژێڕی نیشاندەدات، پێویستییەکی گیانیو جوانناسییە، لەرێگای شیعرەوە هەست دەکەین دەفرێت، ئاواتەکانی دەبنە ئاسمانێك پانتایی بەقەد ئەندێشەو (فانتازیای بەرین) بڵندەو باڵەکانی رەنگاوڕەنگن.. جۆرێك لەجادوکردن لەخۆشەویستیدا نمایشدەکات. شیعری جەمال ماناو ئایدیا نمایش دەکات لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەڕێگای گەڕانەوەی متمانە بۆخوێنەرو ڕەوینەوەی تەمی گومان لەخۆشەویستیی سەردەمانی شەستو حەفتاکان و سەدەی ڕابردوو.

ڕووی دەروونشیکاری پڕاوپڕە بەوەڵامەکەی نەزەند، کە دەڵێت: (من بەشیعر تۆرانی خودم چارەسەردەکەمو ئاشت دەست لەملانی ژیان دەبمەوە پەی بردنم بە رەهەندەکانی بوون سانادەکەمەوە. بۆ؟ چونکە "وتنی شیعر تۆمارکردنی نەستی شاعیرێك ...خودی پێ دەدۆزێتەوە).( چ رەنج،٢٠٠٧،ل١٢٠)

بۆرخیس دەڵێت:( گەورەترین شت ، کە مرۆڤ بەتێکڕایی بونەوەران جیادەکاتەوە، خەیاڵو ئەندێشەیەتیو توانای ئەوەی هەیە کەخەیاڵ دروست بکات، پرۆسەی خەیاڵ بەهەستەکان و فەریزەکاندا رەت دەبێو لای مرۆڤیش لەهزرو خوڵقاندا .خۆشەویستی بەمانای زانینو بیرکردنەوە بوونو نەبوون زانینو نەزانین بیرکردنەوەو بیرچوونەوە هەموو ئەمانە لەدووشتدا بەدیدەکرێت ئەوانیش خۆشەویستیو مەرگن. قسەکردن دەربارەی ئەدەب دەبێت پەیام بێت بۆ هەمووان، نەك ئاخاوتنێك بێت تەنها بۆ ئەدیبان ... ئەگەر وانەبێت ئەوە ئەو ئەدەبە لەبازنەیەکی قەتیسماو دەمێنێتەوە دەرگاو دەلاقەکان لەسەر خۆی دادەخات.هاولاتی،ژ١٩٩٨،٤٠٤،ل٨)

هەر شاعیرێك لەکردەی هۆنینەوەی هۆنراوەکاندا بابەتێکی پێشوەختی دنیای زانراوی ئەدەب دەڕژێنێتە ناو دەقەکەیەوە لەم رووەوە شاعیر هەرگیز لەدەرەوەی کاریگەرییەکان نییە! ، بۆ دەربازبوون لەسەربەخۆیی شاعیر لەو کاریگەرییانە دەبێت خاوەنی فیکرو تێڕوانینو بۆچوونی تایبەتی خۆی بێت ، کاریگەریی شێواز رەنگە،

شتێکی ئاسایی بێت لەئەدەبی هەموو میللەتێکدا هەیە، هەروەك "ساراماگۆ":(دەستنیشانی ئەوە دەکات کە ریالیزمی جادوویی لەهەناوی هەموو کلتورێکدایە ، لەڕێی وەرگرتن‌و گێڕانەوەوە گونجاوە.(هاولاتی،ژ۱۹۹۸،٤٠٤،ل۸)

زۆرینەی هۆنراوەکانی هەناسە و تاسەی کەسێکی خێر نەدیوون تەنها بەئەندێشەی بالاٚ، دەرگایان لەسەر والاٚیە ....شاروجوگرافیاوناونیشان لە هۆنراوەکاندا پێگەی خۆیان هەیە ... چونکە ئەڤین لەو شارە گەورەیەدا پڕە لە دواڕۆژێکی وون.

ویست

دەیانەویست

بۆیە و فلچەی ئەو وێنانەی

بەدەست و پەنجەی ڕەنگینی خۆشەویست

نەخشێنراون

پێلاٚوەکانیانی پێ بۆیاخ بکەن (جەمال شارباژێری، ۱۹٦۸،ل٥۲۲)

هۆنراوەی (ویست) سەر بەئەندێشەی ڕاڤەکارین زیاتر جەخت دەکاتە سەر زادەی هونەری وێنای زەینی لە یادەوەریەکاندا بۆیە .... گفتوگۆکە بە کۆ دەست پێدەکات و ئە ئالێ لە جەستەی دولبەرەوە ... بەلاٚم سێبەری ڕکابەری لەگەڵ ڕەقیبان خەریکن ئەو جەستە پیرۆزەی ( دولبەر) بڕەنجێنن .

هەڵەیان بیست

جارێکی دی

خەونەکانیان بێنمە دی(جەمال شارباژێری، ۱۹٦۸،ل٥۲۲)

مەرج بەم کۆپلەیەی سەرەوە دیارە ، شاعیر زۆر توندە لە ئاستی بەردەوامی سۆزە قوڵب دراوەکەیدا ... ڕەنگە تویژاڵی ئەندێشەی گاڵتەجاڕیشی بەسەر داپۆشرابیت"بۆیە ڕەشبینانە" تەفرەن بۆ دەروونیی خەونەکان.... واقیان وڕماوەو نایەنە دی.

دیارە نەیان دەزانی من مێژووم

بۆ مێژووش دەنووسم (جەمال شارباژێری، ۱۹٦۸،ل۲٥)

شاعیر دەیەوێ لە ئەزمونی خودی خۆی تیشکێ بخاتە سەر مێژوو بەلاٚم تیشکە سەر تا قەدەم زمان تیایدا بالاٚیە ڕەنگە نزیکە داهێنانیش کەوتبێتەوە ، بۆ ؟ هەرچەندە پانتایی کۆپلەکە دوو نیوە دێرە ئەم ئەزمونە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕێبازێ بۆ بیرکردنەوە دەوروژێنێت.

دانیشتن

دانیشتن لەگەڵ تۆدا

وەکو چوونە بەهەشتە

لەسەر (حەسیرێکیش) بێت

لەلام خۆشترین گەشتە(جەمال شارباژێری، ۱۹٦۸،ل۳۳)

بەڵگە نویستێك دەزانێت،بەڵام پتر گرنگی بەهۆکارەئابوریەکان دەدات ڕەنگە شاعیریش شنە وەستێکی ئەو بیرۆکەیەی بەر دامێنی ئەم شێوەیەی کەوتبێ بۆیە هێندە تامەزرۆی ئەو ژیانی سەر (حەسیرە)یە

"من و تۆ

تازە من و تۆ لەیەکتر بڕاین

وەك نامەیەکی ناتەواو ، دڕاین

تازە هەتاکو لەژیاندا بین

من و تۆ هەرگیز بۆیەکتر نابین(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٣)

ململانێی کۆمەڵایەتی لەناو کوردا هەمیشە شوێن پەنجەی لەئەدەبدا دیارە بۆیەبەزانینی پەیوەندی نێوان کوڕو کچێك هەموو دیوارەکانی پەیوەندی پڕلەسۆز دەڕوخێنت و، هەموو خۆشییەکانی ژوان دەبنە سەراسەر پێکێ لە ژەهری مار و دڵدار نۆشی دەکات ..

هەڵە بوویت ، گڕت لەجگەر بەردام

پێش ئەوەی بمرم دەستت لێ بەردام (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٤)

کۆنفۆشیۆس دەڵێت : (ئەوەی کەفێر دەبێت بەڵام بیر ناکاتەوە ون بووە ، ئەو کەسەی کەبیر دەکاتەوە بەڵام فێرنابێت لە مەترسییەکی گەورەدایەل(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٥) سایەی ئەم وتەیەدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (دولبەرەکەی) فەزای پێشبینی کردنی هێجگار لاوازەو هەرگیز بیری لەدوا ڕۆژی خۆشەویستەکەی نەکردۆتەوە.

دڵ و یاد

دڵم کاتێ کە خۆی ناسی

پەری ناسی ،پەریخان بەس

وەرن دڵ هەڵدڕن ئاخۆ

لە ئەو زیاتر دەبینن کەس؟ (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٠)

لە دڵو یاد دا شەپۆلی هەست لانەوازەیە دەرگای بەساردو سڕی بەڕوودا داخراوە بۆیە شیعر وەك دەڵێن ئاوێنەیەکە ناشیرینی تیا جوان دەبینرێ... سەرچاوەیەکە تا ئەبەد جوانی و ژیری لێ هەڵدەقوڵێ شاعیرەکانمان سیاپۆشن دڵ عەرشی دڵدارانە.... ئەگەر وانییە جێی ئەم هەموو یادەوەرییە تاڵ و ترشە چۆن جێیان دەبێتەوە.

لەزۆر کەس وایە من ئیتر

کەوا یادی پەری ناکەم

درۆیە تاکو من مابم

لەئەو خۆم بێبەری ناکەم (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٩)

ئاستی دەروونی لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا لێوان لێو پڕە لەئەمەك و وەفا پڕپڕە لەداوێن پاکی ... قەسەم بەژیان خوراوە ، کە ئەو چیرۆکی خۆشەویستییە هەرگیز لەیاد نەکرێت . هێنانی ناوی دولبەر لەم هۆنراوەیەدا .... ئاستی ریالیزمی بە پلە دوو و ، ڕۆمانسیەت بەپلەی یەکەم نیشان دەدات.

چیرۆك

هەتا ئیستا نەنوسراوە و

نەبیستراوەو

نە گوتراوە و نەدەتوانیٚ،

خۆی لە ئاستی

خەم و خواستی

چیرۆکی بەسەر هاتەکەی من دانیٚ (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤٢)

کوردستان پڕە لە چیرۆکی خۆشەویستی بەدرێژایی مێژوو ..... ئافرەت و پیاوی کورد لە ڕووی کێشە کۆمەلاٌیەتیەکاندا ، هەرگیز دوور نەکەوتوونەتەوە لە شمشێری تیژی بەرەنگاری ئەو دۆخە پڕ لەنامۆیی خود و دابڕان تا وەك لاس و خەزالٌ و مەنیجە و بێژەن و مەم و زین ، بەدلٌی پڕ لە کۆستەوە سەریان ناوەتەوە.

لەسەر تۆ

لەسەر تۆ لێدراوم

لەسەر تۆ دەرکراوم

لەسەر تۆ لە زیندان بەند کراوم

لەسەرتۆدلٌی زۆر نێزیکم لیٚ ئێشان (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١١)

گوزارەی ( لەسەر تۆ) جەخت کردنە لە بێمتمانەی پیاو بەرامبەر مێژووی پەیوەندیی بەرامبەر ئافرەت کە (مێینە)زوو لە بەرەندەکەدا دەبەزێت چ بەهۆکاری داب و نەریت و باوك سالاری و ئاین و جیاوازیی چینایەتی ، ئەم شۆڕبوونەوەیەش لە باوەشی خێزانی هەردووداگەورە بووە .

مانگرتن

لەسەر تۆ مانم گرت، لەخواردن لە نوستن

لە فەرمان ، لەگەڕان، لە گوتن ، لەبیستن

لەسەر تۆ دایکیش و باوکیشم لیٚ ڕەنجا

ئەوەندەت سەر ئێشە نایەوە بۆخێزان(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤٣)

لەم هۆنراوەیەی سەرەوە هەست دەکەین ،شاعیر لە بەندکراوێك دەچێت چەند سالٌێك بێت بەند بێت بیٚ فریاد رەسی مابێتەوە.... لەناو دیواری ئەو (سجنەوە)وەك ئاستی دەرونی خۆی بچووك دەکاتەوە بۆ قۆناغی مندالٌی ، بیٚ پشت و پەنایی بۆیە مانگرتن و نەخواردن و نەنووستن ، ئەمانە هەمووی ئاستی شۆڕشگێڕیی ئایدیای ئەدەب نیشان دەدەن.

ئەگەر تۆ

ئەگەر تۆ بۆ  من بوویتایە

هەرچی دەرد و بەلاٌ هەبوو

نەیدەوێرا بوونمان تێکدا

بۆ خۆی هەر بەرەلاٌ دەبوو

لە قۆرتێکدا  (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤٥)

کەباسی پرسی مەرج لە ئەدەبدا دێتە کایەوە، خوێنەری ورد هەست بەدابڕان دەکات، هاوسەنگی نامێنێت لەبیرو کرداردا زیاتر لەسەر خۆشەویستی بە ئاکام نەگەیشتوو لەکۆی ڕۆژهەلاّت دا چونکە زۆرینەی هەلّبژاردن و دۆخەکە نەلە ڕووی کۆمەلاّیەتیەوە پەسەندن نە لە ڕووی گەشەی ڕۆشنبیریەوە بۆیە ئەم کۆپلە شیعرەی سەرەوە تا سەر ئێسقان ژاکاوی بیر و پەیوەندی پێوە دیارە.

دادگا

لە بارەگای خوای ویژداندا

لەدادگای تاوانی دەست لێ بەرداندا

دلّی پڕ لە کسپە وکلّپەی

زامی ئامێزی تەنیایی

لێت ئەپرسێت (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١٣)

بێگومان ئاین بەیەکێك لە کایە پیرۆز و گرنگەکانی کۆمەلگەی ئێمەی ئیسلام دادەنرێت ، ئەرکی ئاینی فرەیە لەپەروەردەی دەروونی ڕۆحی کۆمەلاّیەتی ، کەواتە سایکۆلۆژیای ئەدەبی لەگەلّ ئاینی بەناواخن یەکن و دژ نین ،بۆیە شاعیر پەنای بردوە بۆ "بارەگای خوای ویژدان"، ئەگەر ئەم پەیامەی شاعیر تەنها ڕووکەشی ساتەوەختێکی داڕوخان و بێ پشت و پەناش بێت لەناخیا دەگەڕێتەوە بۆ پەنا ، گیانیەکەی کێشە دەروونی و جەستەیی و ڕۆحییەکەی چارەسەر دەکات .

کوا ئاکامی ئەو بەلّێنەی

دات بەکۆرپەی

خۆشەویستی و دلّنیایی

بەنازەوە پەروەردەی کەیت

تاکۆتایی بێ کۆتایی! (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٥)

نامۆیی دەروونی دابڕانی خود وەك ڕۆژی ڕووناك لەم کۆپلە هۆنراوەی سەرەوەدابێ پەردە مێژووی پەیوەندی دوو دلّدارەکە نیشان دەدات، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، هەردوو لا دەروون پاك ، داوێن پاك بوون، تەنها ئاواتی هەردوو بەیەکگەیشتنێکی حەلاّلّ و زولاّلّ بەخێوکردنی نەوەیەکی دلّنیا بوون!.

کێ بەقەدەر من قوربانی بۆ دای ، پەری؟

چ پارێزەرێك شك دەبەی لە دادگا

سکالاّو هانای بۆ بەری(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٤)

لەبەردەوامی کۆپلەی پێش سەرەوە کێشەیەك هەیە، پێوانە هیومانەتییەکە ڕەنگ هەلّبڕوسکاوە بەدەست بێ پشت و پەنایی ئافرەت وساویلکەیی بڕیاربەرامبەر ئافرەت دەبێت ئەو کالاّیە بێت کەی پیاو ویستی خوان و مالّ و گرێ دەروونییەکانی پێی مەست و پڕ لە نۆشی بکات ، بێ ئەوەی ئەو مرۆڤەی بەرامبەر سنوری کۆمەلاّیەتی و پەروەردەو زۆنگی زەنگی مەترسی داری خێزان تیا ڕەچاو بکرێت

ئەمشەو

ئەمشەو یادی تۆ هێناومی بتخۆمەوە
تیلەی نیگات لە پێکدا بۆم پێدەکەنێ
بێ... بێ ، قوم قوم تیا بت گوشم بەخۆمەوە
لە گەروومدا بەرەو سینەم هەنگاو نێ (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٢)

شیعر زمانی سەردەمی خۆیەتی، شیعر زۆرینەی قۆناغی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیست شێوە بروسکەیان وەرگرتووە، بۆیە ئاوێنەی ژیانی ئەو سەردەمەی دەڤەری سلێمانی بووە، بابزانین شەوی جارانی عاشق چۆن بەسەر چووە، دولبەر پێکێکە وە دەخورێتەوە ، سۆزی دڵداری بۆتە قومێك لەوپێکە ، کام قوم؟ وەك گەرمیانی دەڵێت:" لم نا بەڵکو ژەمە خواردنەوەیەکی پڕ لە چێژ سنوری ئەو قومە تابلۆیە گەرو و سنگی گرتۆتەوە ".(عادل گەرمیانی، ٢٠٠٦،ل٢٨)

چاکتر بمناسە
کاتێك زانیت...کەس نایەت بەدەنگتەوە
تروسکەیەك نانوسێت بە ڕەنگتەوە
بروسکەیەك لە ناختەوە بنێرە
چەندساتێك و دڵ لێدانێك بژمێرە (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٣٩)

فۆکۆ بۆ زمان دەڵێت"هەرکەسێك بە زمانی خۆی قسە دەکات. واتە هەرکەسێك بە وشەو زاراوەی خۆی نیازو مەبەستی خۆی دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ ئەدەبیات و زانستی کۆمەڵگاکانی تر دوروو نزیکیان هەیە" چەند وێستگەیەك لە جیاوازە فکریەکان. لە سێبەری ئەم گۆتەیەدا "شارباژێڕی" بۆ خۆشەویستەکەی فریادڕەسەو دڵدارەو پشت و پەنادەبێت ، چ کێشەیەك لە کەسی دووەمی بێ دەنگ ، ڕووی دابێت، ئەم دەیەوێت هاوسەنگی پەیوەندییە بڕاوەکە بنووسێنێتەوە بەیەکەوە:

هەر ئەوەندەی پێناچێ لە لاتەوە
بەسەر گوڵی سیس بوی سەر گۆناتەوە
من هەر خاوەن ئەو پەیمانەم دابووم پێت
ئەو سا چاکتر لەلات ئاشکرا دەبێت (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤٠)

هیگڵ پێی وایە "گەردوون بەهەموو شت و کەسەکانیەوە گوزارشتە لە ڕۆحێکی ڕەها کە سنووری بۆ نییەو هیچ شتێك ڕێی پێ ناگرێ و کۆتو پێوەندی ناکاتە مل کەس "(پێشرەو عبدولاَ، ٢٠١٣،ل٧٩) پەیامی شاعیرمان لە هۆنراوەی سەرەوە هێندە ئەندێشەی باڵاو گەردوونی کراوەیە لەسەروو پەیجی ئێستاو گۆگڵ و ئینتەرنێتی ئێستاوەیە ، بۆیە شاعیر لە چاو نوقانێکدالەلای یارە، نەك لە لایەتی بۆتە پەپوولە بەسەر گۆنای سیسییەوە نیشتۆتەوە، ئەم ڕوونبێژییە هەمووی تەرخانە بۆ وشە (وەفا و ئەمەك ) لای شاعیری کورد.

هەر دڵخوازە دڵ پڕ ئازارەکەتم
هەر خەم خۆرە هاوڕازو نازەکەتم (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٥٠)

شۆڕبونەوەی شاعیر وردە وردە نیشتنەوەیە، دڵخۆشکردنی بەرامبەرە ،بە ئەندێشە پەنا دەبات بۆ ئاشتبوونەوەیەك کە هەرگیز جێ بە جێ نابێت.

نامەیەکی کراوە!

پەری ،تاکەی تۆ بەم بێ دەنگیەوە

من دەخەیتە گێژی دڵ تەنگیەوە

پەری ، بێ تۆ بێ ئارام و بێ هەستم

بێ شنەی تۆ بێ پرشنگە هەڵبەستم (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٥٠)

کاتێك مرۆڤ لە هەڵبژاردەی هەست و دەروونی دوور دەکەوێتەوە ، هێدی هێدی تەمی خەم و دابڕان جۆرێك لە وشە ڕۆنان لە فەرهەنگی سۆزیدا دروست دەکات، هەمیشە بەرامبەر، کە ئافرەتە بێدەنگی هەڵ دەبژێرێت، کوڕان و پیاوانیش دەکەونە پەلە قاژەی وەلاّم ، بەلاّم وەك مێژووی سەلماوی دڵداری لە دابڕاندا، دڵدار بێ وەلاّم دەمێنێتەوە.

پەری من ئەو کەسەم یەکەم سەرنج

خۆشەویستیت لە دڵما دای کوتا بنج

تا بمێنم هەر خاوەنی ئەو دڵەم

هەمان مەلی دڵداری ئەو سەر چڵەم

تا بمێنم هەر خاوەنی ئەو دڵەم (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٥٠)

شاعیر دەیەوێت بە قۆناغەکانی ئەو پەیوەندییەدا بچێتەوە کە بەیەکەم هەنگاو دەستی پێ کردووە ناوهێنانی "دولبەر بە ناوی خۆی "لە ئەدەبی کۆن و نوێ و هاوچەرخیشدا زۆر دانسقەیە، بۆیە ئەم جۆرە شیعرانە بەقەدەر شیعری بەرەنگاری لە سیاسەتدا بەپێزە ، ئەمیش جۆرێکە لەبەرەنگاری لە دۆخی ناکارای خۆشەویستی دا.

تاپەرستن من هەر خۆشم دەوێ ی...خۆش

لە تۆش هەر یەك وشەی "خۆش"م دەوێ خۆش (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٥٠)

مرۆڤ زۆرلە دانوستاندا نزیکە ڕوخان دەبێتەوە، بەلاّم وەك مێژووی دەروونناسی بایە "دەرونناسی ئەدەب"ج هەڵوێستێ ناگاتە دوڕان وەك ئەوەی (دولبەر) (دڵبراو) لێك بترازێن و نامۆیی خود چڕۆ بکاو وشە شیعرییەکان تك تك فرمێسکی نامورادی لە چاویان بێتە خوارێ.

سپی

ست هەلاّڵە

خۆت دەزانی خۆشەویستی

ڕەچەڵەك ناخوێنێتەوە

خۆت دەزانی خۆشەویستی

بەستەڵەك دەتوێنێتەوە

تەمەنیش ناخوێنێتەوە

لە دەڤەری بێ هاوتادا

هەموو بیرێك

پێچەوانە دەبێتەوە (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٥٠)

شاعیر دەیەوێت بەرچاو ڕوونییەك ئاراستەی خوێنەر بكات ،لە ڕووی ئاستی بە مرۆڤ كردنی مرۆڤ لە هەلگۆزینی كاسەی خۆشەویستی دور لە جیاوازی ڕەگەز و هەڵبەزو دابەزی پلەكانی تەمەن و زەنگی ئاگاداری بە وشە لێك دەدات لەوەی ، كە لە ولأتی كوردەواری تا ئێستا ئەو تەنگەژانە بە گەرموگوڕییەوە لە جەستەی كوردان خۆی پێڕەو دەكات.

ئاراستە

جوانەكە لەگەڵ تۆمە

بویتە جێی سەر زەنشت و ڕەخنە و گازندەو لۆمە

دلگیر مەبە ئەم داخەش

ئاراستەی ئەستۆی خۆتە

خۆت ڕازی بوویت ئەم ژەهرەت نۆش كردووە

خۆشت خۆت هاویشتۆتە

دۆزەخێكەوە هەرچی ژیانە تیا مردووە (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٩٩)

ئەركی شیعر لە یەكێ لە قۆناغەكاندا دوای نیوەی یەكەمی شەستەكان بریتییە لە ئامۆژگاری لە ڕووی گلەیی و گازندەو ڕەخنە لە نێوان دڵدارەكاندا هۆكارە سەرەكییەكەش دەگەڕێتەوە بۆ دا ڕووخانی ئاستە دەروونی شپرزەیی دابڕانە كۆمەڵایەتیەكەو دابو نەریتی دوورە پەرێزی لە خۆشەویستیدا ئەو كات گەورەكان لەباتی چەشە وەربگرن لە خۆشەویستی سۆزی دڵداری بە ئاگرو پزیسكی ئازاری دەبرژێن و دەسوتێن .

گۆرانیەكی ماوەتی

شاعیران كچی جوانیان خۆش دەوێ

خۆمیش نەوەی شیعری بەسۆزم

لۆمەم ناكرێت نە لێرەو لەوێ

شیبكەمەوە خەمی ئاڵۆزم (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١٨٩)

ئەركی جوانی شیعر زیاتر لە بەرهەمەكانی گۆرانی شاعیردا دەر دەكەوت ، زیاتر لە وەسفی ئەو شتە نادیارو شاراوانەی بێ دەنگانە گەڕاوە بە شوێنیاندا "شارباژێڕیش"لەو وردەكاریە بە دوور نیە،كە باسی شاعیرانی پێش خۆی دەكات لە جوانی خۆشویستندا :-

شیعرو جوان جوتن لە سوقراتەوە

بە ئاوازەوە پێكدا لكاوە

دەسێ هاتبێ لێكیان كاتەوە

هەر پێنج پەنجەكەی یەكسەر شكاوە (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١٨٠)

شاعیر دەیەوێت مێژووی فەلسەفەو ئیستاتیكامان بۆ هەڵداتەوە ڕەنگە مەبەستی لاوەكانی سەردەمی شەستەكان بێ. دەشییەێت ئەو پەیامە بگەیەنێ كە جوانی و خۆشەویستی لە "سنوری پیرۆزییەكاندان" ، هەر كەسێ بە ناحەق دەستیان بۆ بەرێ دەست و پەنجەی دەشكێت:

هەرچەن بەدیمەن کەمیٚ رووگەشم
توخوا ئەگەر گویٚ لەدلٚم نەگری...!
مەڕوانە زەردەی خەندەی رووگەشم
چاوی دەروونم بیٚ وچان دەگری(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١٨٣)

شیعر دەرکەوتەیەکی فەردییە، بەمانایەکی تر سەروکارێکی زۆری لەگەلٚ خودا هەیە ، ئەرکی شاعیر ئەوە نییە باسی ئەو شتە بکا کە بەڕاستی ڕووی داوە، بەلٚکو ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکا کە دەشێت رووبدات.

پەرتبوونی خودی شاعیر کە لەسەر زمانی خۆی بێت، ئەم دیاردەیە لەئەدەبی نوێی کوردیدا زۆر روون دیارە، ئاماژە بەدەروونی پاکی تاکی کورد دەکات، لێرەدا رەنگ تێکەلٚە بەخەمەکانی خود.

گولٚی گەشاوەی باخچەی دلٚداری
لەسەر لێوی بوو بە پەپوولەی هەستم
شیلەی هۆنراوەی ئەکرد بەدیاری
بۆ ئەو نازدارەی خۆشی ئەویستم(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤)

هەمیشە مرۆڤ دەیەوێت لەلوتکەدا لاسایی سروشت بکاتەوە لەرووی جوانیو هەلٚوێستە دلٚڕفێنەکانەوە، شاعیریش مرۆڤەو بۆیە دولبەرەکەی بەگولٚ ناو بردووە، خۆشەویستییەکەشی کردووەتە پەپوولە، هەموو تەرزە فیکرییەکان لەناوچە قوولٚەکانی نەستەوە دیاری دەکرێنودەست پیٚ دەکەن ئەو ناوچەیەش ئەو شوێنەیە کە بوونمان تێیدا هەلٚدەگۆزرێت لەگەلٚ وروژاندنە نادیاریەکانی هەلٚسو کەوتەکانمان(نیهاد التکرلی،١٩٧٩،ص٣٨)

ئەڤین دارەکەی شارباژێری وەك ئافرەت شەپۆلی نازوو عیشوە نابارێنی تێکەلٚیش نییە تەم ئاسا بەڕووی ئەندێشەی بالاٚی شێوەوە، بەلٚکو مرۆڤەو داب و نەریت کەلەپچەی کردووە .

رازێك
من بێگیانێکی وشکەلٚەم، بێدەنگو مات
نە ئەبینم، نە ئەبیستم، نە هەست ئەکەم
بەلاٚم شێوەم دێتە گوفتار هاوار ئەکات
بینەرانم، مەستو پەستو دەربەست ئەکەم(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١١)

ڕووخانی دەروون هەمیشە روو لەجەستەیە سەرەتاو دوایی پەل رادەکێشیٚ بۆ تەمی خەمی کەیلی دەروون، لەکۆپلەی (راز)دا شارباژێری هەموو هەستو سۆزەکانی لەدەستداوە ، چونکە دلٚدارەکەی دوورەپەرێز لێی وەستاوە .

بەجێهێشتن
گیانە ئەرۆی  من بەتەنها جیٚ ئەهێلٚی..!
هەردەی گیانم بە ئاسنی خەم ئەکێلٚی
پێکی تالٚی تاسەی دووریم پیٚ ئەچێژی(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٩)

تۆرانو بەجێهێشتن لەمێژووی ئەڤینی کوردەواریدا زیاتر ئاستی جیاوازیی چینایەتی یەکلایەنی بێدەربەستیە بۆیە هەمیشە کوڕی عاشق  زیاتر لە کچ دۆڕاوە چونکە بیٚ بەنارمەو پەلە بووە لە نەخشەی

خۆشەویستییەکەیدا.بۆیە شاربازێریش لەم کۆپلەیی خوارەوەدا ، بانگەوازی ئەڤین و جوانی لە هۆنراوەیدا بە وردی دیارە.

لە تۆی شەتڵی بێ ئارامیم  بۆ ئەنێژی

ئەمکەی بە هاوجووتی ئاخ و ئۆفی جێگا

بەهەناسەهەڵکێشانی چاو لەرێگا! (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٢٩)

چاوەڕوانی ئەو شمشێرە دەم پڕ لەخوێنەیە کە هەمیشە بەدەست ئافرەتی مەعشوقەوە دەلەرزێت، بەلاّم عاشق هەناسەی ساردهەڵکێشان بەشیەتی. شاربازێری بەدەربڕینی پڕلە کاریگەریی پەردەی شیفۆن ئاسایی بەتایبەت سیحری ڕۆمانسی پەردەپۆش کردووە . چونکە شاعیر وێنە و خەیالاّت ناخولقێنێت  بەڵکو مەبەستی گەیشتنە بەوانە .

گیانەکەم تۆ ... خوێنی دڵی ... گوڵی دەسی

خوای هەلاّڵەی ... خوای گولاّڵەی خوای نەرگسی

دڵم ئەگری، توخوا چۆنی ژیرکەمەوە

چۆن و بەچی، من دڵخۆشی بدەمەوە؟(جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٣٩)

دڵ عەرشی دڵدارانە .. بەلاّم هەمیشە بەستەمی دوری دەلەرزێ و دەلەخستێ ...بۆ شاعیر لە کەوڵی منداڵی وڕک گرتوو خۆ دەبینێتەوە.

بەکام بینینی چاو زاخاوی بداتەوە

بەکام بیستنی گوێی هەستم دەم بکاتەوە(جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٣٩)

تابلۆی زەینی بەزاخاوی چاو لەهەستی بیستنیدا شاعیر وەلاّمی نائارامی بەدەستدەکەوێ!  وەك لەپرۆسەی ئەفراندن لایەنی ئیستاتیکای شیعر دا، بەئارەزووی خۆی یادەوەرییەکان ریّك دەخات بەپێ ی حاڵی بوون، شاعیر مانایان دەداتێ :-

چۆن بتوانێ، پەنجەم خامە، کە هەڵگرێ

تۆم لانەبێ، ئەوەی نوسیم لێم وەرگرێ

چی بنوسم وەك پەپولە بۆت باڵ بگرێ

تاسەر پۆپەی درەختی دڵداری بگرێ (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٤٠)

پەیام لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا هەمووی زنجیرەیەك لەنەرێییە بۆ خوێنەر، هەست دەکات دەزوولە ریّگایەك لەگەشبینی هەست پێ بکات تێکەلاّوی ناو پرشنگ و بزەی چاوبێ.

لەگەڵ هەموو بێدەرفەتییە دەروون ئاڵۆزییەکەدا، شاعیر تەمای پەیامێکی چەند وشەیەکی دڵخۆشکەرەیە وشەکان ببنە گوڵ:-

گیانە

گیانە باخچەی ئەم تەمەنە

بەسروەی خۆشەویستی تۆ

دێتەگەشەو زەردەخەنە

ئەگینا زۆر بێ رەنگ و بۆ (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٤٠)

شاربازێڕی هەمیشە سۆزی لەهەڵکشاندایە، لەگەڵ ئەو هەموو دڵشکانو ئازارو مەینەتییەی دابڕانو نامۆیی خودیدا.... پانتاییەکی بۆ ئەندێشەی گەشبینی هەیە.

جوانی هەڵدەقوڵێت لەدرککردن بەشتەکان ،کە بینراو ،یان بیستراوبێت لەگەڵ یاسا سروشتییە پەرەپێدراوەکانی داوەری و خەیاڵ

کام دڵ بەکام ژیان خۆشکەم

ئەگەر گوڵەکانیان جنیم

چۆن یادی تۆ فەرامۆشکەم؟

چۆن ژینێکە ئەگەر بژیم؟! (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٢٩)

ژیان وا کورت کراوەتەوە، تەنها لەجێژوانو چاوپێکەوتنو یادەوەرییەکاندا شریتی عومری شاعیر دەبینرێت:-

ئەی من چۆن واز لەتۆ بێنم

تا ژین وازم لێ نەهێنێ

ئایا بەهار بپروێنم(جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٢٩)

**تەوەری دووەم : خوێندنەوەیەکی دەروونییانە بۆ هەندێك دەقی شیعریی جەمال شاربازێڕی**

**چەمكو زاراوەی دەروونناسیو سایکۆلۆژیی شیعر**

شاعیر لەڕێگای وشەوە تەعبیر لەحاڵەتی هەستی هەڵچووی خۆی ئەکات بۆیە شاعیر دەبێت هەمووکاتێك ئاگای لەوشە بێتو زۆرتر بەدوای وشەی ئیلهام بەخشدا بگەرێت(پەرێز سابیر،٢٠٠٦،ل٢٩.

پەیامی شیعرجۆرێك لەپابەند بوون بەپەیامی بێزارکەر بوون نیشاندەدات، بۆ بەرانبەرەکەی، جەخت لەپێشکەشکردنی کۆی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ هاوخەمو خۆشەویستەکەی نیشاندەدات.

خۆشەویستی

خۆشەویستیم لەگەڵتایە

وەك ئەو خوێنەی لەدڵتایە

وەك ئەو پێستەی داپۆشیوی

وەك ئەو لێوەی ئەی بزوێنی

وەك ئەو زەردەخەنە جوانە

کەلێوانی لەسەر لێوانە (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٢٤)

لەم کۆپلەیەی سەرەوە دەورەیەکی گەردونی گیانیو جەستەیی خۆی نیشاندەدات کە لەخانەی جەستەی عاشق بۆ هەموو زارەکان پەسەندکراوە.

ئێمە ئەبینو ئەچین بۆ نەبوون

دەر ئەکەوینو ئەبین سەرنگوون

کەوابوو هەزار خۆزگەم بەوانەی

لەدایك نەبوون، توشی هیچ نەبوون (جەمال شاربازێری، ١٩٦٨،ل٢٣)

ئەم کۆپلە شیعرە پڕاوپڕە گولاّوپڕژێنە بەفەلسەفەی بوونو نەبوون، متمانەی قۆناغی هەلّکشانی هۆشمەندی شاعیر نیشاندەدات، ڕەنگە پەردەی پەستی و ڕەشبینی بەرانبەر بوونو نەبوون بێت.

وەك من پشكۆیان پیا نەچزاوە

هەرگیز نا نالێنن بەدەم سزاوە(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٤)

ئەزموونی ئەشقێکی بێ ئەنجام تەلیسمی یاد لەنەخشە پڕ لەناسۆرەکە نیشاندەدات:

نازانم چۆن

دەروونم پیشان بدەم

خۆشەویستیمت بۆ دەرخەم

چ کامێرایە بهێنم

وێنەکانی پێ دەربێنم

لەو شوێنانەی هێلانەی تۆن

نازانم چۆن....؟! (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٥)

عەشق بەو پێناسەیە یان خۆشەویستی یان حەزلێکردن بەو پێناسەیە، ئاوێتە بوونی جیهانبینی دوو کەسو خەلّق کردنی جیهانبینییەکی نوێ، ئەمە وەك بنەچەیەك بۆ ئەو چەمکە بەکاردێت، بەلاّم کە لەئەدەبیاتدا بەتایبەتی کلاسیكو سۆفیزمو عیرفانی ئیسلامیدا ئەبینین عەشق ڕەهەندی نامرۆڤانە وەرئەگرێتو لەئاوێتە بوونیی دووکەسەوە ئەبێتە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوا، یان مرۆڤو ڕەمزێکی خودا، ئیدی لێرەوە جارێکی دی ئەو تێگەیشتنە لەعەشق بەبارگاوی بوون بەو هەناسە سۆفیزمیە یان ئیلاهییە، جارێکی دی ئەپەڕێتەوە ناو کایەی ئەدەب، ئەدەبێك ، کە ئەتوانین بە ئاسانی ئەوەی تێدا کەشف بکەین ، کەسەرچاوەکانی عەشقی لەهزری میتافیزیکی، لە غەیبەوە، لەدینەوە وەرئەگرێتو ئەینوسێتەوە بەو مانایەی مانا دینییەکەی عەشق لەئەدەبدا ئەنوسرێتەوە.

هەندێك ئاماژە بۆ پرسیار کردن لەرووی دەروون شیکارییەوە تابلو گۆمانییەکان تاریکستان دەکەن، عاشق خۆی لەخۆیدا زۆرینەی تەمەنی بەرێی گوشاری دەروونی نابینێت تایبەت لەقۆناغی شەستەکانی کوردستاندا ... کە قۆناغی گوێزانەوەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی بوو.

بەئاگری خۆشەویستی

هەزارەها دلّ گڕی گرت

سۆزی سەربەرزیو سەربەستی

چەکی بەهەزاران هەلّگرت

هەرئەو خۆشەویستی وسۆزە

مەشخەلّی ڕۆژی نەورۆزە (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٢٧)

متمانەی بواری ئایدۆلۆژی شاعیری عاشق وەرچەرخانە بەرە شۆڕشی نوێ یادی نەورۆزی کە لەناوبردنی زوحاکی ستەم دیدە لەناخیدا دوژمنەکەی بە زوحاك زانیوە.

تەرزەی لێلّو چلّکنی وای لێ ئەباری

ئاخۆ چۆن بێ زەلکاوەکەی ناو دەروونی

قەیناكا با كامی پیسە بیتەخواری

ئەوا منیش بەدڵۆپی ئەشكی سورم

رەنگ ئەكەم دەریایی هەستی بێ سنورم

ناخی دەروون باچی تیایە سەرو بن بێ

ئاواتەكەم وەك چۆن وون بوو باهەر ون بێ

گیانە ئەرۆی؟توخوا ئەرۆی؟ دڵە ئەرۆی

ئاخ ئیتر باخ بەسەر چوو خۆی، بێ رەنگ و بۆی(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل١٣٣)

لەوچوو لەئەندێشەی شاعیردا باخەو میوەهات لەقۆناغی گەیندایەو بەسەر دەچێت! بەڵام وشەی "گیان" پارسەنگەخەمە.

ساخوات لەگەڵ گیانە جێم بهێڵە

هەردەی گیانم بەئاسن بكێڵە.. (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٤٥)

دووعاخوازی لە عیشقدا تەمی ، خەمی دڵە، دابڕانێكە بە ئازاری تیژی گاسن بەزۆر لەخاكدا..

كردگار

كەس نابێ تاسەر

ژین بباتەسەر

كەوابوو بۆ بووین سەرم سورماوە

من لەم گێژاوە

كە بیرو هۆشم تێیدا تاساوە

كەی كوا ویستومە بێمە دنیاوە؟ (جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٦٦)

نەمری وەك دیاردەیەك لەمێژووە، فەیلەسوفان و بیرمەندان كردوویانەتە بەرنامەی شاعیریش لەپلەی لوتكەی دۆڕاندا جۆرێك لەبەخوداچوونەوە بەو باسە فەلسەفییەوە گرێ دەدات.

بیرم كردەوە ئەنجامی هەمووی

پڕە لەداخ و ناكامی هەمووی

ئەنجامی هاتن لەناو چوونێكە

دروست بوونێكە، بۆ تێكچوونێكە(جەمال شارباژێری، ١٩٦٨،ل٦٦)

خوێنەر تا ئێرە پەرینەوەیەك هەست پێ دەكات لەپەیامی هەڵچووی پڕ لەخۆشەویستییەوە ... بۆ پرسیاری بوون و نەبوون لەقووڵایی بیری شاعیردا.

## ﴿ ئــــە نجـــــــام﴾

١-جەمال شارباژێڕی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە هەژاری و کوێرەوەری ژیاوە ، ئێش و ئازاری برسێتی و بێجێ و ڕێیی زۆر کاری تێکردووە و وەك خەمێکی گەورە بە شیعرەکانیەوە دیارە تەنانەت ئەو ژیانەی منداڵی لە ناوچەی شارباژێڕ وەك یادەوەرییەك و خۆشەویستییەك بۆ ناوچەکە بونەتە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمێکی نوێی شیعری .

٢-بەهۆی پەروەردە بونی لە ناوچەی شارباژێڕ دیمەنی سروشتی ناوچەکە و جوانییەکەی هەستی خۆشەویستی بۆ خاك و ئاوی کوردستان هۆکارێك و پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ پەیوەندی کردنی بە ڕێکخراوی بزوتنەوەی سیاسی کوردییەوە ،لەم لایەنەوە ئەزموونی شیعرەکەی سەری هەڵداوە .

٣-سەرچاوەی بەهرەی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەز و ئارەزوو خولیایەی کەلە هەست و سۆز و بیری دا پەنگی خواردبۆوە و بوکاریگەری شیعری نوێی کوردی و شیعری (گۆران و هەردی )ی شاعیر زۆر کاری تێکردووە و وەك سەرچاوەیەکی گرنگی بەهرە شیعرییەکەی تاقیکردنەوەکانی ژیانی پێداڕشتووە .

٤-وەك کەسێکی عاشقی جوانی و خۆشەویستی جوانی ئافرەت و سروشت ،هەمیشە ئامادە بوونیلا خۆی نواندووە لە دەقە شیعرییەکانیدا و ، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی شکستی سۆزداری شاعیرەوە چەند دەقێکی شیعری و تەنانەت بەرهەمێکی بۆ ئەم مەبەستە دڵداری و کۆمەڵایەتییە تەرخان کردووە ئەو هۆکار و لایەنانە دەستنیشان دەکات کە ڕێگری دەکەن لە خۆشەویستی و بە یەکگەیشتنی دوو دڵدار ، کە شاعیر تاکو ئێستاش لە یادی دەرناچێ وەك خەمێکی دەروونی لە بوارەکانی تری شیعریدا ڕنگی پێداونەتەوە .

٥-بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و دڵسۆزی بۆ نەتەوە و نیشتیمانەکەی بەشداری کردنی لە خەبات و شۆڕشی کورددا ، وەك تاقبکردنەوەی ژیانی بونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی شیعرە سیاسییەکانی و هەروەها دەربڕینی خەمی کۆمەڵ و نەتەوەکەی لە ئەنجامی شکستی شۆڕش و ئازاردانی نەتەوەکەی و وێران کردنی خاکەکەی و ئاوارە بوونی بەهۆی دوورخستنەوەی لە کوردستان ، خەمەکانی زیاتر بووە و لە شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دا ڕنگیان داوەتەوە .

٦-هەوڵی داهێنان و نوێگەری شیعری شاعیر پاش ئەوەی پەیڕەوی شیعری نوێ و شاعیرانی کردووە بەردەوام بووە لە بەرەو پێش بردنی ئەو ڕەوتە شیعرییە ، بە هەوڵی خۆی و هاوڕێیانی گروپی ڕوانگە توانیویانە قۆناغێکی نوێی شیعری و نوێگەریی بهێننە ناو شیعر و ئەدەبی کوردییەوە .

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێبە کوردییەکان


١. ابرامز، و.عوسمان ئەحمد،توێرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە،چاپخانەی ژیر ،سلێمانی ،٢٠٠٩،

٢. احسان سابیر سەعید ،ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لە دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لە شیعری کوردیدا، گ(ڕامان) ،ژ(١٧١)،٢٠١١.

٣. احمد رەزا ،لەدەروونشیکاریەوە بۆلێکدانەوە ،چ١،چاپخانەی شڤان،سلێمانی ،٢٠٠٨،

٤. ئەرستۆ ، هونەری شیعر ،وەرگێڕان ،عەزیز گەردی .

٥. ئەرستۆ ، هونەری شیعرو شیعر ناسی ،بەرگی ٤ ،خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ،سلێمانی ٢٠٠٤.

٦. ئەریك فرۆم ،قەیرانی دەرونشیکاری ،وەرگێڕانی هەژار جوانڕۆیی ،چ١ ،سلێمانی ،٢٠٠٥.

٧. پەرێز سابیر ،ڕخنەی ئەدەبی کوردی ،مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ،دەزگای ئاراس ،هەولێر ٢٠٠٦ .

٨. جمال شارباژێری ـ فرمێسکی نێهنی ، چاپخانە کامەران ،١٩٦٨.

٩. عادل گەرمیانی ،قالەو سەگەکەی بابلۆڤ ،، دەزگای ڕۆشنبیری بلاْوکردنەوەی کوردی . بەغداد ٢٠٠٦ .

١٠. عەتا قەرەداغی ،گۆران و گەڕان بەدوای یەقینی دا ، چاپخانەی بابان ،١٩٩٩.

١١. کەریم شەریف قەرەچەتانی ،دەروازەی دەرونزانی ،چ زانکۆ هەولێر ،١٩٩٦

١٢. مستەفا پەژار ، بەرەو سایکۆلۆژیا ،گ (کاروان،ژ٣٦ ،ساڵی ١٩٨٥ .

١٣. نەزەند بەگیخانی ،دیوانی زەنگوڵ وتن ، چاپخانی ڕەنج ،سلێمانی ،٢٠٠٧ .

١٤. فازل نجم الدینن فەرهەنگی ئەستێرە گەشە،.

١٥. هەژار،هەنبانە بۆرینە-فەرهەنگ کوردی-فارسی،چ ٤،انتسارات سروشت،ایران،١٣٨٤.


دووەم: سەرەچاوە عەرەبییەکان:


١. عادل فریحات بین النقد الادبی والتحلیل النفسی مجلة الاداب الاجنبیة ،ع١٤،س٦، ١٩٧٩ بغداد.

٢. نهاد التكرلی ،اتجاهات النقد الادبی العربی المعاصر ،وزارة الثقافة ،دار الحریة بغداد ، ١٩٧٩.

٣. ریجاردس ،مبادیء النقد الادبی ، ترجمة: مصطفی بیروت ، بدون تأریخ نشر واسم مطبعة.

٤. محمد غنیمي هلال ،النقد الادبی الحدیث ،ط٥ ، مکتبة الانجلو المصریة ،١٩٧١.

٥. کامل محمد عویضة ،علم النفس الشخصیة ،دار الکتب العلمیة بیروت،ط٢ ، ١٩٦٩.

٦. راجح احمد عزت ،اصول علم النفس ،دار الکتاب العربی للطباعة والنشر ،القاهرة ،ط١٩٦٨،٧، ـ


سێیەم : نامە ئەکادیمیەکان :


١-هاوژین صلێوە، رەهەندی دەروونی و شیعرکانی لەتیف هەڵمەت بە نموونە، نووسەرانی هەولێر- مەڵبەندنی گشتی ،٢٠١٤.

## کورتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بابەتی چەمکی دەروونناسی ئەدەب لە دیدی فرۆید و هاوڕێیان و خوێندکارەکانیەوە بە گوێرەی زانستی دەروونناسی وەك لە بەرهەمەکانیدا هاتووە، بە تایبەتی باڵی شیعر لە ئەدەبدا، نموونەی شیعری شاعیری دڵتەڕی دڵشکاو جمال شارباژێری ، کە دووبەشی ژیانی بۆ ئافرەتێك تەرخان کرد ، بەڵام قەدەری یەزدان گەورەتر بوو لە ئاواتی دڵ و خۆزگەکانی دەروونی ئەو، چونکە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تایبەتی خێزانی، هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی نەبنە هاوسەری یەکتر، بۆیە ئەو نموونە هۆنراوانەی ناوبراو، کە لەم توێژینەوەیەدا هاتوون ، شیکردنەوەیان بۆ کراوە بە پێوەری چەمکە دەروونیەکە بە پێوانەی تیۆرییەکانی ئەدەب کەڵك وەرگیراوە لە چەند سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بیانی ، کەتێزی دکتۆراونامەی ماستەرن لە هەردوو زمانی دایك و عەرەبی ،ئەمەی دووەمیان کەڵك لە وەرگێڕان وەرگیراوە. لە چەند بڕگەیەکدا ، کە گیانی واتا سەرەکیەکە لە دەست نەدراوە نموونەکان لە چاپی کۆن و تازەی بەرهەمەکانی شارباژێری وەرگیراون.

## ﴿ ملخص البحث﴾

## البعد النفسي في شعر جمال شارباذيري كنموذج

ممالاشك فيه ان للبحوث الادبية فى المرحلة الراهنة تأثيرا كبيرا على الجانب النفسي فى الشعر بخاصة شعراء مرحلتى الستينيات و السبعينيات على صعيد العراق بشكل عام و كردستاننا بشكل خاص .فالشاعر (جمال شاربازيرى) احد اعمدة (روانكه) فى الستينيات وكان له باعا طويلا فى ادب (المرصد–رِوانطة). عليه اجريت هذا البحث بعنوان البعد النفسي لــشعر (جمال شاربازيرى) ، ايمانا منا باحقية هذا الشاعر في هذا الموضوع لعدم ايلاء إهتمام الاخرين به حسب المصادر التى قرأناها من اجل كتابة هذا البحث، لكونه ذاق الامريين لاجل الفوز بامراة احبها واحبته ولكن سهم القدر العذرى فى الحب ارصده بعمق بسبب العلاقات الاجتماعية المتخلفة هاجت عليه فاصيب باغتراب نفسى وجسدى ، فامتهن الشعر بلوعه موزدانة بكبرياء، ككل كردي تجاه من تحبه فراوده الفشل ، فأعتنق الشعر ففي ظلال تلك المعاناة ولد هذا البحث.

## *Research Summary*

The psychological dimension of beauty model hair Harpazere

There is no doubt that the research literature at the current stage a major impact on the psychological aspect of the hair especially poets of two phases of the sixties and seventies on the level of Iraq and Krdstanna particularly .vahaar (Jamal Harpazery), one of the pillars (Roenkh) in the sixties and it has long sold in literature (Observatory) it conducted this research titled psychological dimension in the hair (Jamal Harpazery) our belief that awarded this poet this subject for not paying others with interest by sources of marrying in order to write this research because it tasted Alamrien for their victory woman who loved her and she loved but equally share parthenogenesis in Love Kthagafh profoundly retarded meeting Hajt attic injuring Pachtrab psychological and physical Vamthn hair Bluap Mozdanh pride as a whole toward the Kurds of love Fraodh failure Fnq hair In astray those suffering births this search..